بریتی زینتا نازناوی شازادەی بۆلیوودی پێدەبەخشرێ

خانمە هونەرمەندی شۆخ و شەنگی هیندی بریتی بۆ یەکەمینجار خەڵاتی شازادەی بۆلیوودی سینەمای هیندی پێدەبەخشرێت و بەباشترین ئەکتەری ساڵ و سەرکەوتووترین هونەرمەند لەکارەکانیدا دەستنیشان دەکرێت، لەوبارەیەوە بریتی زینتا لەمیانی لێدوانێکیدا لەبەردەم ئامادەبووانی خەڵاتی رێزلێنانەکەیدا ئەوەی خستۆتەڕوو، ئەو هەر لەمنداڵییەوە ئاوێتەی دینای هونەرو سینەما بووە و سەرگوزەشتەی دەسپێکی کارە هونەرییەکانیشی گەڕانەوە بۆ ساڵی 1996 کاتێک لەگەڵ چەند هاورێیەکیدا ئامادەی بۆنەی جەژنی لەدایکبوونی یەکێک لە دەرهێنەرەکان دەبێ، بەهۆی جوانی و سەرنجراکێشییەکەیەوە هەر لەو ئاهەنگەدا بەڵێنی پێدەدەن وەکو ڕووکارێکی مارکەی بازرگانی کار بکات، لەوانە شۆکۆلاتە و سابوون بووە. سەبارەت بە چۆنێتی بەشداریکردنی کێبڕکێی خەڵاتی بۆلیوودەوە، بریتی ئاماژە بەوە دەدات: ئەو چوونە ناوەوەیە ئاسان نییە، بۆیە پێویستی بە خۆماندووکردن و پەیوەندی تایبەت هەیە. بریتی ئەوەشی خستۆتەڕوو، ئەو بەوەرگرتنی خەڵاتی شازادەی بۆلیوودی هیندی زۆر خۆشحاڵەو بەهاندەرێکی گەورەی لەکارە هونەرییە سینەماییەکانی لەقەڵەم دا.

دوای تێپەڕینی چەند ساڵێک تازە بۆی ئاشکرا دەبێ فیشەکێک لەسەریدایە

پیاوێکی ئەڵمانی چەند ساڵێکە فیشەکێک لەسەریدایە، بەڵام بەبێ ئەوەی هەست بەهیچ ناڕەحەتییەک بکات، ژیان دەگوزەرێنێت،پیاوە تەمەن سی و پێنج ساڵەکە، کاتێک سەرخۆشبووەو بەسەر شەقامەکاندا ڕۆیشتووە، لەئاهەنگی سەری ساڵی نوێدا، لەپرێکدا هەستی بەشتێک کردووە بەر سەری کەوتووە، بەڵام گوێی پێنەداوەو لەبیری کردووە. پریشکی بەرکەوتووەکە بەڕێکەوت لەم هاوینەدا بەهۆی چەند هەڵاوسانێکەوە، داوایلێکردووە تیشکی سەری بگرێت، تیشکەکە دیمەنی تەنێکی نامۆی لەژێر پێستی سەری پیاوەکەدا دەرخست و پزیشکەکەش بڕیاریدا، بۆ دەرهێنانی ئەو تەنە نامۆیە، نەشتەرگەرییەکی بۆ ئەنجامبدات. سەرچاوەکانی پۆلیسی شاری بۆخۆمی ئەڵمانیا ڕایانگەیاندووە، لەئەنجامی نەشتەرگەرییەکی بچووکدا، تەنە نامۆکەیان لەسەریدا دەرهێنا، کە فیشکێک بووەو چێوەکەشی پێنج میلیمەتربووە، بەڵام خۆشبەختانە نەچووەتە ناو ئێسکی کەلەسەرییەوە.

دانیشتووانی بەریتانیا تووڕەترین خەڵکی ئەورووپان

لێکۆڵینەوەیەک ئاشکرایکردووە کە دانیشوانی بەریتانیا تووڕەترین خەڵکن لە کێشوەری ئەورووپا و دانیشتوانی ئەسکەندیناڤیاش ئارامترین خەڵکن. بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەک بۆ دیاریکردنی تووڕەترین خەڵک و ئارامترین خەڵک لە قارەی ئەورووپا دەرکەوتووە، بەریتانییەکان پلەی یەکەمیان بەدەستهێناوە لەتووڕەییدا و لە پلەی دووەمیشدا دانیشتوانی ئیتاڵیا و لەپلەی سێیەمدا فەرەنسا. بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکە بەریتانییەکان لەڕۆژێکدا چوار جار تووڕەدەبن و ئیتاڵییەکان لەڕۆژێکدا سێ جار تووڕە دەبن. بەپێچەوانەی ئەم لێکۆڵینەوەشەوە، دەرکەوتووە کە دانیشتوانی ئەسکەندیناڤیا ئارامترین خەڵکی کیشوەری ئەورووپان.

بیئەوەی لەژەهرەکانیان بترسێت پیاوێک 114 ڕۆژ لەگەڵ ماری ژەهراوییدا ژیاوە

کەم کەس هەیە لەسەر ئەم گۆی زەوییە بتوانێت لەگەڵ گیانلەبەری درندەو ژەهراویدا ژیان بەسەر ببات، بەتایبەت ئەو گیاندارو خشۆکانەی کە مەترسییەکی زۆریان بۆ سەر ژیانی مرۆڤەکان هەیە، ئەوەی لەم هەواڵەدا ئاماژەی پێکراوە، ژیانی هاوواڵتییەکە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەگەڵ ماری ژەهراویدا، بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی هیند، پیاوێکی بریتانی تەمەن 45 ساڵە بۆ ماوەی 114 ڕۆژ لەگەڵ چەندین ماری مەترسیدار وژەهراویی وەک کوبرا لە ناو ژوورێکی 20 مەتریدا مایەوە و توانی پێوانەی جیهانی بەناوی خۆی تۆمار بکات. جێی ئاماژەپێدانە ئەو پیاوە بەریتانیە توانی بۆ ماوەی چوار مانگ لە ناو ژوورێکی 20 مەتریدا لەگەڵ چەندین ماری ژەهراویی و مەترسیداردا بژێت بێ ئەوەی هیچ زیانێکی پێبگەێنن. بەمشێوەیە ناوی خۆی لەپەرتووکی سەیرو سەمەرەکانی گینسدا تۆمارکرد. جێی باسە پێوانەی پێشووتری بەدەستی پیاوێکی ئەفریقی بەناوی نانی سوارت بوو کە لەساڵی 2009 کارێکی بەهەمانشێوە ئەنجامداو لەئەکامدا چەندینجار مارەکان پێیانەوەدا.

نیەتی باش نەبووە لەکاتی دزیکردندا لە پەنجەرەیەکدا گیر دەخوات

لەزۆر حاڵەتی دزیکردندا، دزەکان پلانەکانیان پێچەوانە دەبێتەوەو خەڵکی پێکەنینیان بەهەوڵەکانیان دێت، هەروەک ئەم دزەی هەوڵی دا لەگەڕەکێکی بەریتانیادا ماڵێک ببڕێت، سەرئەنجام ئەو شوێنەی هەڵیبژارد بچێتە ژوورەوەی ماڵەکە،پ ەنجەرەیەکی بچووک بوو، بەڵام بۆ ماوەی شەش کاتژمێر لەپەنجەرە تەسکەکەدا گیریخواردو نەیتوانی خۆی ڕزگار بکات. ئەم هەواڵە لەڕۆژنامەی (دەیلی ئێکس پرێس) بڵاوکراوەتەوە، تێیدا هاتووە: دزە گیرخواردووەکە خۆی خزاندبووە ناو پەنجەرەیەکی بچووکەوە، ویستوویەتی لەپەنجەرەکەوە ماڵەکە ببڕێت، بەڵام دواجار نیوەی جەستەی لەپەنجەرەکەدا گیریخواردووەو نەیتوانیووە جوڵە بکات. دزەکە لەو دۆخەدا ماوەتەوەو ئاشکرا نەبووە، تا ئەوکاتەی خاوەن ماڵەکە لەبەردەبانی ڕۆژی دواییدا گەڕاوەتەوە، دزەکەی بەهەڵواسراوی بینیووە، کاتێکیش پۆلیسی ئاگرکوژێنەوە دەوری پەنجەرەکەیان شکاندووە، بۆ ئەوەی دەری بهێنن، هەستی بەئاسودەیی کردووە، بەوەی لەدەستی پۆلیسدا بووە.

گەورەترین مرواری دۆزرایەوە

بەپێی هەواڵێکی کەناڵی سی ئێن ئێن، گەورەترین و گرانبەهاترین مرواری لەجیهاندا دۆزراوەتەوە. ئەو مرواریە گەورەیە 9 ئینچە و هەروەها کێشیشی نزیکەی 7 کیلۆگرامە و هەروەها ڕەنگی ئەو مرواریە زۆر سپی و جوان و سەرنجڕاکێشە. بۆ ئەمەش شارەزایانی ئەو بوارە نرخی ئەو مرواریە گەورەیەیان بە 60 ملیۆن دۆلار خەمڵاندووە، جێی ئاماژەپێدانە کەناڵی سی ئێن ئێن، شوێنی پاراستنی ئەو مرواریەی ئاشکرا نەکردووە.

کاوڕ (4/20-3/21)

.کەڵک لە ئەزموونی ڕابردووت وەربگرە تا باشتر لە ژیان تێبگەی، ناکرێ تادونیا دونیایە مشەخۆربی ولەسەر بژێوی خێزانەکەت بژی، هەوڵدە کارێک بدۆزیەوە واز لەسەرەڕۆیی بێنە.

گا (5/20-4/21)

ڕۆژێک دێت هەموو شتێک ئاشکرابێت لە بەرامبەر خێزانەکەت تووشی شەرمەزاری ببی، واچاکە بەرلەوەی شتەکانت ئاشکرا بن تۆ بە ئیرادەی خۆت واز لەم کارە بێنە.

جمک (6/21-5/21)

ماوەیەکە بەدوای کڵاوی بابردوو کەوتووی وهەستی پێناکەی یان دەتەوێ خۆت دەستخەرۆ بکەی،تۆزێک هۆش بێنەوە سەرخۆت ئەم کارە محاڵە دەیکەی،لای خەڵک ناشیرن دەبی.

قژژاڵ (7/22-6/22)

دڵی خۆت بۆ هەموو کەسێ مەکەوە،هەموو کەس جێگای متمانە نییەونهێنییەکانت لای خەڵکی دیکە دەدرکێنن،بەرلەوەی بڕیار لەسەر هەر کارێک بدەی چەند جارێک بیری لێبکەوە.

شێر (8/22-7/23)

دەست مەرەخە کاری خەڵکی دیکە سەرت ئاسوودە دەبێت،ئەگەرنا هەردەبی بەدوای چارەسەری کێشەی ئەم وئەوا ڕاکەی وسەرت نایەشێ بۆ پەڕۆی لێ دەبەستی،ئاگاداری باری تەندروستی خۆت بە.

گوێگەنم (9/22-8/23)

کبریائی خۆت بپارێزە وئەوەندە خۆت لا نزم نەبێت،بۆ هەموو کارێک مەپارێوە ژیان ئەوە ناهێنێ کەسایەتی خۆتی بەقوربانی بکەی.



ئاوێنەی شار

7.30: دەنگوباس
08.00: پێگەڕا هونەر
10.30: وەرزش
10.45: چۆخی منو
11.30: یازدەو نیو
12.30: ئیکۆنۆمی
12.45: زووم ئین
15.00: ئەمڕۆ لە میژوودا
15.30:وەرزش
16.30: ئیکۆنۆمی
18.30: دەنگوباس
19.30: الاخبار
20.00: لیڕەو لەوێ
20.30: کۆتایی هەفتە
22.00: ژ ئەوروپا
00.00: دیکۆمێنتەکان
1.00:پەخشی ئەمەریکا

08.30: کردنەوەی پەخش
08.35: سلاید+ریکلامی بەرنامەکان
10.00: کورتەی هە
11.30: دیکۆمێنتی
12.30: ب. دوورو نزیک
13.00: دەنگوباس
13.30: ب. کشتوکاڵ
16.00: کورتەی هەواڵ
16.30: دوورونزیک
17.05: دیکۆمێنتی دۆبلاژکراو
18.05: ب. ڕۆژێک ژ ژیانێ
18.30: ریالیتی شۆ
20.00: دیکۆمێنتی دۆبلاژکراو
20.30: دۆسیە
21.00: دەنگوباس
21.45: دیکۆمێنتی دۆبلاژکراو
22.30: کورتەی هەواڵ
00.00: دیکۆمێنتی دۆبلاژکراو
04.30: کۆتایی پەخش

کاتەکانی نوێژ لە پایتەخت
نیوەڕۆ: 12.13
عەسر: 03.42
شێوان: 06.34
خەوتنان: 07.49
ئیمساک: 03.57
بەیانی: 04.12
خۆرهەڵات: 05.45

کڕێی هاتوچۆ



هەولێر × سلێمانی:
تاکسی 15 هەزار
باس 8 هەزار
هەولێر × کەرکووک:
تاکسی 7 هەزار
باس 4 هەزار
هەولێر × دهۆک:
تاکسی 15 هەزار

نرخی دراو

100 دۆلاری ئەمریکی	118.650 دینارە
100 یۆرۆ	151.000 دینارە
1000 لیرەی سووری	26000 دینارە
126,5 تومەن	150 دینارە
یەک ملیۆن لیرەی تورکی	800 دینارە
یەک مسقاڵ زێر	197.000 دینارە

سووتەمەنی



(1) لیتر بەنزین (سوپەر): 925 دینار
(1) بەرمیل نەوت: 93000 دینار
(1) بەرمیل گازوایل: 118000 دینار
(1) بوتڵ غاز : 8000 دینار

دەرمانخانەی ئێشکگر



دەرمانخانە
پایتەخت: دنیا، ئەسرا، چارە، ڤیتامین
سلێمانی: × ×
دهۆک: شان، ئاڤێستا، مزوری

کەش و هەوا

شار	بەرزترین	نزمترین
پایتەخت	46	34
دهۆک	45	32
زاخۆ	46	33
سلێمانی	48	38
کەرکووک	41	31
پیرمام	48	35
سۆران	42	30
خانەقین	50	28
مەخمور	46	37
چەمچەماڵ	48	32

بازار



10 سەمون: 1000 دینار
8 نان: 1000 دینار
8 نانی لوبنانی: 1000 دینار

(1. کگم)گۆشت بەرخ: 14000 دینار
(1. کگم) نەرمە: 15000 دینار
(1. کگم) مریشک: 4250 دینار
یەک تەبەقە هێلکە: 4500 دینار

(1. کگم) شەکر: 1000 دینار
(1. کگم) ڕۆن: 1500 دینار
(1. کگم) تەماتە: 1000 دینار
(1. کگم) پەتاتە: 750 دینار
(1. کگم) باینجان: 1000 دینار
(1. کگم) کودی: 1000 دینار
(1. کگم) پیاز 750 دینار
(1. کگم) سێو: 1000 دینار
(1. کگم) پرتەقاڵ: 1000 دینار
(1. کگم) خەیار: 750 دینار
(1. کگم)مۆز: 1250 دینار
(1. کگم) لیمۆ: 1000 دینار

(1. کگم) بیبەر: 1000 دینار
(1. کگم)گێزەر: 750 دینار
(1. کگم) شووتی: 750 دینار
(1. کگم)تورشیات: 3000 دینار
(1. کگم)خاس: 1000 دینار
(1. کگم)لالەنگی: 1000 دینار
(1. کگم)هەنار: 1250 دینار
یەک دەسکە توور: 500 دینار
یەک دەسکە سلق: 500 دینار
یەک دەسک سەوزە : 250 دینار
سابوون: 500 دینار
یەک پاکەت تایت: 750 دینار
دۆشاوی تەماتە: 2250 دینار
یەک لیتر زەیت: 2500 دینار